# ئەگەر پیاو لە نێوان چوارپەلی خێزانەکەیدا دانیشت وهەوڵی لەگەڵدا؛ ئەوا غوسڵ واجب دەبێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر پیاو لە نێوان چوارپەلی خێزانەکەیدا دانیشت وهەوڵی لەگەڵدا (جیماعی کرد)؛ ئەوا غوسڵ واجب دەبێت». ولە گێڕانەوەیەکدا: «ئەگەرچی ئاوی لەشگرانیش (مەنیش) دانەبەزێت».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەگەر پیاو لە نێوان هەر چوار پەلی ئافرەت (دەستەکانی وقاچەکانی) دابنیشێت، وپاشان ئەندامی نێرینەی بکات بە نێو ئەندامی مێینەی ئافرەتەوە؛ ئەوا خۆشۆردن (غوسڵ کردن) واجب دەبێت بەهۆی لەشگران بوونەوە ئەگەرچیش مەنی دانەبەزێت چونکە تەنها چوونە ناوەوەی ئەندامی نێرینە غوسڵ کردن واجب دەکات.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3533